# شاخەوان شۆڕش ئەندامی کارای ڕێکخراوی چاك

## چۆنیەتی خنکاندنی سەدامی دیکتاتۆر لە لایەن گروپی توندڕەوی موقتەدا سەدرەوە، ئابڕووی دادگاکە و حکومەتی ئێراقی برد

## دیمانە:ئاسۆ



ڕۆژی 30\ 12\2006 و یەکەمرۆژی جەژن  سەدام حسینی دیکتا تۆر لەسێدارە درا لەسیدارە دانی سەدام کاردانەوەی جیاوازی لەهەمودونیادا لێکەوتەوە   لەکوردستانی ش کاردانەوەی جیاواز هەبو لەمەڕ لەسێدارە دانی دیکتا تۆر  ڕیکخراوی چاك  کە لە ساڵی دوو هەزارو دوو  وە دروست بوەو ئامانجی ئەم ڕێکخراو دەرخستنی چارەنوسی ئەنفال کراو بێسەرو شوین کراوەکا ن و قەرەبەکردنەوەی هەموئەوزیانە مادی و مەعنەویانەیە کەخاك وخەڵکی کوردستان لێ یان کەوتوە لەسەردەستی ڕژێمی دیکتا تۆر صدام حسین.
لەڕۆژی لەسێدارەدانی سەدام ڕێکخراوی چاك  لە بەیانیکیاندا ئیدانە لەسێدارەدانی سەدامیان کرد لەسەر تاوانی دوجێل  بە باشمان زانی بۆڕون کردنەوەی زیاتری هەڵوێستی ڕیکخراوی چاك ئەم دیدارە لەگەڵ بەڕێز شاخەوان شۆڕش ئەندامی کارای ئەم ڕیکخراوە ساز بکەین

**پ : ئیوە لە بە یانیکدا بە ناوی ڕیکخراوە کە تانەوە لە سیدارە دانی سەدامتان مەحکوم کرد ئەمە ش پێچەوانەی هەلوێستی  زۆرێك لە خەڵکی کوردستانە کەخۆشحالˇ بون بە جیٚ بەجیٚکردنی ئەم سزایە بەسەر دیکتا تۆردا   ئەکریێت لەم بارە یەوە ڕونکردنەوە یەکی زیاترمان بدەنیٚ .**
**وەڵام: لامولیە هەڵەیەک لەو تێگەیشتنەدا هەیە، ئێمە لە بەیاننامەکاندا کە زۆر پێش هەڵواسینی سەدام و هەروەها لە رۆژی هەلواسینەکەدا بڵاوکراونەتەوە، ئەوەمان چەندبارە کردۆتەوە کەوا بیٚ داداگاییکردنی سەدام لەسەر تاوانەکانی کە بەرامبەر بە گەلی کورد کردوویەتی، ناڕەوایەتی بەرامبەر بە گەلی کورد دەکرێت. ئێمە لەگەڵ خەڵکی کوردستان تەباین لەسەر ئەوەی کەوا سەدام حوسێنی دیکتاتۆر شایانی توندترین سزاییە. هەرگیز نەمان گوتووە دژی هەڵواسینی سەدامین، ئێمە بەتووندی دژی پەلەکردن بووین لە جێبەجێکردنی سزاکە. پێمان وابوو دەبیٚ هەموو دۆسیەکان تەواو بن ئەوجا سزاکە جێبەجیٚ بکرێت. کە سەدام لەسەر تاوانەکانی بەرامبەر بە گەلی کورد بەرەوڕووی داد نەبۆوە و سزا نەدرا، بێگومان ئەوە زیانێکی گەورەبوو لە گەلی کوردستان و هەموو مرۆڤایەتی کەوت. زیان لەگەلی کورد کەوت، چونکە تاوانباری سەرەکی ژینۆسایدی کورد ئیتر داگایی ناکرێت و بۆی دەرچوو، کۆمەڵی نهێنی گەورە لەگەڵ ئەودا لەگۆڕنران، ڕاستیەکان ئاشکرا نەکران. کە زیان لە مرۆڤایەتی کەوت، چونکە ئەو چەک و ژارە کیمیاویانەی لە تاوانی گەلکوژی ئەنفالدا بەکارهاتن، هەروەها ئەو یارمەتیە سەربازی و لۆگیستیانەی بە ڕژێمی داگیرکەری ئێراق دران لە لایەن وڵات و کۆمپانیای عەرەبی، ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاواییەوە هاتبوون، دەبوایە ئەو ڕاستیانە ئاشکرا بکرێن و بە خەڵکی جیهان بگەیەندرێن. ئاشکراکردنی ڕاستیەکان یارمەتی پرۆسەی ئاشتی و چارەسەری ڕاستەقیەنەیان بۆ کێشەکانی جیهان دەدا. بەڵام وەکو دەرکەوت، مەبەستی دادگا ئاشکرا کردنی ڕاستیەکان نەبوو، مەبەستیان دادپەروەری نەبوو، بەڵکو جێبەجێکردنی گەمەیەکی ناو پرۆسەیەکی ڕامیاری بوو.**

شایانی گوتنه، هەڵویستی ئێمه نەک هەر لەلایەن ڕۆشنبیرانی کوردەوه، بەڵکو لەلایەن ڕۆشنبیرانی جیهانیەوەش پشتگیری دەکرێت. ئێستا بۆ خەڵکه هوشیارەکەی کوردستان دەرکەوت که گەلی کورد ناڕەوایەتی بەرامبەر کراوه، چونکه گرنگی به بەرژەوەند و کارەساتەکانی نەدرا. دیاره دوای ئاشکرابوونی فیلمی خنکاندنەکه، سکەندالی هەڵواسینەکه و ڕێکەوتنەکەی پشتی هەڵواسینەکه باشتر دەرکەوت. ئەوه ڕێک تۆڵەی گروپی سەدر بوو.

پ2 : هاوشێوەی هەڵوێستی ئێوه بەشێك له نوسەران و ڕۆشنبیران نارەزایەتیان نیشاندا به جێبەجێکردنی سزای لەسیدارەدانەکەی دیکتا تۆر له سەر تاوانی دوجێل ئا یا به بڕوای ئیوه لەسێداره دانی دیکتا تۆر لەسەر تاوانی دوجێل بەکەم گردنی قوربا نیانی ئەنفا ل و کیمیاباران نیه له لا یەن دەسەلاتی ناوەندی لەبەغدا که ئیستا زۆرینەی ئەم دەسەلاته بەدەستەت شیعه کانەوه یه .

وەڵام: بێگومان ئەوه سەدلەسەد وایه. وەکو سەرەتا گوترا، دادگا و حکومەتی ئێراقی ڕێزیان له بەرژەوەندی و کارەساتەکانی گەلی کورد نەگرت، کارەساتەکانی ئێمەیان بەکەم دانا و زۆر نامۆرالانه کەسی تاوانباریان بەر له دادگایی لەسەر تاوانکاریانی تر زوو لەناوبرد. ئەوه هیچ پاساو و پاکانەیەکی بۆنییه و لەقانونی فێلاوی دادگاکەی ئێراق نەبێ له هیچ قانونێکی وڵاتانی ئازادیخوازدا شوێنی نابێتەوه. ئەوه ناڕەوایەتیەکی دیکه بوو نەتەوەی باڵادەستی عەرەب (ئەوجارەیان شیعەکان) بەرامبەر به گەلی کورد کردیان. مانەوەی سەدام بۆ چەند مانگێکی تر یا بەلایەنی کەم تا کۆتایی دۆسیەی ئەنفال زۆر پێویست بوو، بەڵام بەداخەوه تۆلەی خێرا و شاردنەوەی ڕاستیەکان لای دادگا و حکومەتی ئێراق گرنگ بوون.

پ:3ئیستا دەسەڵاتدارانی کوردستان باس لەوه دەکەن که بەلەسێدارەدانی سەدام دادگای باڵای تاوانەکان بەردەوام دەبێت لەسەر تاوانی ئه نفال پیتان وایه به نامانی سەدام لەو دادگایه بتوانرێت دادگاکه بەهەماشێوەی پیشو گەرموگوری هەبێت

وەڵام: دیاره ئەو دادگایه داگایەکی ناگونجاوه و له ئاستی خواستی گەلی ژینۆسایدکراوی کوردا نییه. چونکه چۆن دەکرێ نەتەوەی عەرەب دەسەڵاتی دادگای له دۆسیەی ژینۆسایدی گەلی ژێردەستەی خۆیدا هەبێت یا مافی تێکەڵبوونی له دادگایەکی لەو شێوەیه هەبێت. هیچ نەتەوەیەکی خاوەن کەسایەتی ئەوه پەسند ناکات. بوونی ئەو دادگایه بەو شێوەیه ئۆباڵی دەکەویته ئەستۆی سەرکردایەتی کورد له باشور.

سەبارەت به پرسیارەکه بەبڕوای ئێمه، دادگا ئەو قورساییەی پێشووی نامێنێت (ئەگەر ئەو دادگایه قورسایی هەبووبێت). بێگومان بوونی سەدام لەدادگاکەدا سەرنجی خەڵکی له ناوەوه و دەرەوەدا زیاتر بۆخۆی ڕادەکێشا، که ئەو نەما ئەو گرنگی پێدانه وەکو پێشوو نامێنێت. ئاشکرابوونی چۆنیەتی خنکاندنی سەدامی دیکتاتۆر له لایەن گروپی توندڕەوی موقتەدا سەدرەوه، ئابڕووی دادگاکه و حکومەتی ئێراقی برد، بۆیه لەمەودوا واپێشبینی دەکرێت ئەو دادگایه وەکو شانۆگەریەکی ڕامیاری له لایەن خەڵکەوه سەیری بکرێت.

پاشان قانونی دادگاکه که دەرهاویشتەی ئامانجێکی ڕامیارییه، بەشێوەیەک داڕشتراوه که زوو تاوانباران یەک له دوای یەک لەناو دەبردرێن، بەرلەوەی به دۆسیەکانی دیکه ڕابگەن.

دۆسیەی ئەنفال که له کۆتاییدایه بەبێ ئامادەبوونی تاوانباری سەرەکی بەردەوام دەبێت، عەلی کیمیاوی و ئەوانیتر که له تەلبەندی زینداندان لەسەر ئەو تاوانه سزا دەدرێن، که هیوادارین به

تاوانی ژینۆساید سزابدرێن. دوای دۆسیەی ئەنفال و یەکدوو دۆسیەی تر ئەو تاوانبارانەی ئێستا هەن هەموویان لەناودەبردرێن. بۆیە وا پێشبینی دەکرێ دادگاکە وردە وردە گرنگیەکی ئەوتۆی لەسەر ئاستی جیهانی نامێنێت.
پاشان سکەندالی هەڵواسینەکە و زوو هەڵواسینی سەدام گۆڵیکی گەورەبوو لە سەرکردایەتی کورد کرا، ئەوان دەبێ پاکانە بهێننەوە و بڵێن دادگا لەسەر دۆسیەی ئەنفال بەردەوام دەبێت. ئەوە پێویستی بە گوتنی ئەوان نییە، ئەوە بەپێی قانونی دادگاکە وایە. دیارە بە پێی هەواڵەکان ئەوان هەر ئاگاشیان لە کاتی هەڵواسینەکە نەبوو، ئەوە خۆی لەخۆیدا گەلێ پرسیار دروست دەکات.

پ4 :ئێوە وەك ڕیکخراوی چاك دوا پەیامتان بۆکەسوکاری ئەنفال و قوربانیانی چەکی کیمیاوی چیە پیتان وایە لەم بارودۆخەی ئیستا دا ئەبێت چ هەڵویستێك بگر نە بەر .

وەڵام: پەیامی ئێمە وەکو هەمیشە و لە داهاتووشدا ئەوە دەبێت، کەوا دەبێت هەموو ئەوانەی بەشداریان لە تاوانی گەلکوژی و کۆمەلکوژی خەڵکی کوردستان کردووە، ڕابکێشرێنە دادگا؛ قەرەبووی تەواو و فرەلایەنی قوربانیان بکرێتەوە؛ دەوڵەتی ئێراق داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات و ئەرکی قەرەبووەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی؛ مسۆگەری ژیانێکی گونجاو و سەربەرزانە بۆ کەسوکاری قوربانیان بکرێت هتد. هەروەها ئێمە هەرچی لە تواناماندایە هەوڵی دادگایی تاوانباران لە هەر کوێیەکی جیهان هەبن دەدەین؛ هەوڵی ناساندنی تاوانی ژینۆساید و کیمیابارنی گەلی کورد بە خەڵکی جیهان دەگەیەنین.
هەڵویستی خەڵکی قوربانی و ئیمەش لەگەڵیاندا پێویستە داوای داد بۆ کارەساتەکانمان بکەین، هەر کردارێک دژی ئەوە بوو، پێویستە هەڵوێستی لێوەرگرین و ڕێگاو میتۆدی گونجاو بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ناڕەوایەتیەکان بگرینەبەر.

**تێبینی ئەم دیمانەیە لەدواژمارەی ڕیبازی ئازادیدا بلاّو کراوەتەوە**